# مەخموور..

## دابینکردنی ئاوی خواردنەوە خەمی سەرەکی هاووڵاتیانە

■ **نەبوونی پرۆژەی ئاودێریی کاریگەری خراپی لەسەر چۆڵکردنی گوندەکان هەیە**

■ **دروستکردنی نەخۆشخانەیەک لەبەرنامەدایەو زەوی بۆ تەرخانکراوە**


**مەخموور تا ساڵی ١٩٩٦ سەر بە پارێزگای هەولێر بووەو بەبڕیارێکی بەعس لکێنراوە بە پارێزگای موسڵەوە، ئەم قەزایە ژمارەی دانیشتوانەکەی ١٩٤ هەزار کەسەو ناحیەکانی (گوێڕو کەندیناوەو قەراج و ١٩٩ گوند) لەخۆدەگرێت، ژمارەیەك لەو گوندانە کە لە ساڵی حەفتاکانەوە چۆڵکرابوون ئێستا لەبەر نەبوونی پرۆژەی ئاودێری ئاوەدان نەکراونەتەوە، بەڵام خەڵکەکەی بەبەردەوام داوای پرۆژەی ئاودێریی و خزمەتگوزاریی دەکەن، زیادبوونی ژمارەی دانیشتووانی مەخمور لەکاتێکدایە کە لە چەند ساڵی رابردوودا ئیدارەی موسڵ ناوچەکەی لەڕووی خزمەتگوزارییەوە فەرامۆشکردبوو تەنانەت کۆچی پێچەوانە لە گوندەکانی مەخموورو ناحیەکانیەوە بەرەو سەنتەری قەزاکە دەستی پێکردووە، بەمشێوەیە قەبارەی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و پێداویستی ناوچەکەدا یەك ناگرێتەوە، هەر بۆیە لەلایەن ئیدارەی پارێزگای هەولێرەوە بودجەیەکی تایبەت بۆ مەخموور تەرخانکراو چەندین پرۆژەیان بۆ جێبەجێ کرا.**



# مەخموور پێویستە وەکو بەشێک لە سنووری پارێزگای هەولێر مامەڵەی لەگەڵ بکرێت بۆ ئەوەی کێشەکانی چارەسەر بکرێت









مەخموور بە ناوچەیەکی دەوڵەمەندی کشتوکاڵی و کانزایی دادەنرێت کە تا ساڵی ١٩٩٦سەر بە سنووری پارێزگای هەولێر بووە؛ بەرادەیەك خاوەنی یەك ملیۆن دۆنم زەوی بەپیتی کشتوکاڵیە، هەربۆیە ناکرێت چیتر وەکو ماددەی١٤٠ی دەستووری مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، چونکە هەروەکو هاووڵاتیان لەم راپۆرتەی گۆڤاری (گوڵان)دا ئاماژەی پێدەدەن بەوەی مەخموور ناوچەیەکی کوردستانییەو پێویستە وەکو بەشێك لە سنووری پارێزگای هەولێر مامەڵەی لەگەڵ بکرێت تاوەکو چارەسەری کەموکورتییەکانی بکرێت، تەنانەت زۆربەی فەرمانگەکانی وەکو باری شارستانی و تاپۆ سەر بە هەولێرە تەنیا فۆرمی خۆراکی هاووڵاتیانە سەر بە پارێزگای موسڵە، ئەوەی وای لەمەخموور کردووە وەکو ناوچەیەکی کوردستانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم سەیر بکرێت ئەو واقیعە بوو کە پێشتر سنووری مەخموور لەخوار هێڵی٣٦ەوە بوو، بەڵام مانەوەی ئەم ناوچە بەرفراوانە سەر بە بودجەی موسڵ لەخزمەتگوزارییەکانی بێبەش کرد. وەکو تیمی گۆڤاری (گوڵان) سەنتەری قەزاکەمان بەسەرکردەوە تاوەکو گوێبستی داواکاری و پێشنیارەکانی خەڵکی بین، کە بەشێوەیەکی گشتی پێیان وابوو گەرچی حکومەتی هەرێم و ناوەند لێرەو لەوێ چەند پرۆژەیەکیان بۆ جێبەجێ کردوون، بەڵام لەئاست خواست و پێداویستیەکانیان نییە، لە دووتوێی ئەم راپۆرتەی گۆڤارەکەماندا داواکاری و رەخنەی هاووڵاتیان بڵاودەکەینەوە کە دواتر ئیبراهیم شێخەڵڵا قایمقامی مەخموور بەراشکاوانە پەنچەی لەسەر کەموکورتی و پێداویستیەکانی خەڵکی داناو ئاماژەی بەو پرۆژانەش کرد کە حکومەتی هەرێم و ئیدارەی پارێزگای موسڵ لەناوچەکەدا جێبەجێی دەکەن.

سەرەتا لە چەند گەڕەکێکی ناو سەنتەری قەزاکەو لە گەڕەکەکانی (کوردستان و قەڵات و شەهیدان و سەرا) خەڵکی باسیان لەکەموکوڕیی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان کرد، ئاماژەیان بەو پرۆژانەش دا کە حکومەتی هەرێم سەرقاڵی جێبەجێکردنین بۆ نموونە پێشتر ئاوی خواردنەوەی مەخموور تامی نەوتاویی بوو زۆرجاریش قوڕاویی بوو بەکەڵکی خواردنەوە نەدەهات ئێستا لەهەموو سەنتەری ناو قەزاکە پرۆژەی تۆڕی ئاوی خواردنەوە لە قۆناغی جێبەجێکردنە، دواکەوتنی تەواوبوونی پرۆژەکەش هاووڵاتیانی بێزار کردووە بۆ نموونە عەبدولخالق رەسول لە گەڕەکی شیروان پێی وابوو ئەم پرۆژەیە رزگاری کردوون لەخراپی ئاوی خواردنەوە، بەڵام سستی لە جێبەجێکردنی پرۆژەکە بێزاری کردوون. تەنانەت هاووڵاتی ئیسماعیل ئیبراهیم هۆکاری چۆڵکردن و ئاوەدان نەکردنەوەی ژمارەیەك لەگوندەکانی مەخمووری بۆ کەمی ئاوی خواردنەوە گەڕاندەوە. هەر لەم رووەوە سەرباز رەسول وتی: لەگوندەکانمان لەبەر نەبوونی پرۆژەی ئاودێری و خراپی و کەمی ئاوی خواردنەوە خەڵکی ناچار روویان لەسەنتەری قەزاکە یا شاری هەولێر کردووە. لەلایەکی ترەوە بەهۆی هەڵکەندی چاڵێکی زۆری پرۆژەی ئاوی خواردنەوە زۆربەی شەقام و کۆڵانەکانی مەخموور پێویستی بەقیرتاوکردن و چاککردن هەیە، لەم رووەوە محەمەد عەلی جگە لەوەی باسی لەنەبوونی پارك و باخچەو یاریگای منداڵان کرد هاوکات داوای لەحکومەتی هەرێمی کوردستان کرد مشوری لێپرسینەوەی لەو کومپانیانە بخوات کە لەجێبەجێکردنی پرۆژەو کارەکاندا سستن و یاخود لەرووی کوالێتییەوە پرۆژەکان لەئاستێکی نزمدایە هەروەکو چۆن لەدوای چاککردنی تۆڕی ئاوی خواردنەوە کەچی هەموو ماڵەکان وەکو یەك بەیەکسانی ئاویان بۆ ناچێت. هەر لەم رووەوە هاووڵاتی مەیسەر حامید لە گەڕەکی قەڵات پێی وابوو کەمی ئاوی خواردنەوە لەدیارترین ئەو گرفتانەیە کە پێویستە حکومەتی هەرێم و ئیدارەی مەخموور مشوری بەپەلەی لێبخۆن. سەبارەت بە پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی دیکەی شارەوانی کە لەبارودۆخێکی باشتردا نییە؛ هاووڵاتی دارۆ عەزیز لەم بارەیەوە وتی: نەبوونی ئاوەڕۆ و بوونی گۆمی ئاوی زۆر لەناو قەزاکە بەتایبەتی لەم وەرزەی گەرمایەدا هۆکارێکی بڵاوبوونەوەی پەتاو نەخۆشییە.

هەروەها لە رووی کەرتی پەروەردەوە قوتابی جبرائیل دڵشاد ئاماژەی بەکۆنی بینایەی قوتابخانەکەیانی کردوو وتی: بینایەی قوتابخانەکەمان کۆنەو پێویستی بەنۆژەنکردنەوە هەیە.




ئیبراهیم شێخەڵڵا قایمقامی قەزای مەخموور بۆ (گوڵان):

# داواکارین پرۆژەی ئاودێری لەناوچەکەمان دروست بکرێت

**داواکاری و گلەیی هاووڵاتییانی قەزای مەخموور و ئەو پرۆژانەی کە ئێستا لەقۆناغی جێبەجێکردندایە لەپاڵ چەندین تەوەرەی تردا ئاراستەی ئیبراهیم شێخەڵڵا قایمقامی قەزای مەخموورمان کرد. لێرەدا پوختەی وەڵامەکانی بڵاودەکەینەوە.**

سەرەتا قایمقامی مەخموور پێی وابوو پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی مەخموور چەند ساڵێکە لەلایەن ئیدارەی موسڵەوە بەپەراوێز خراوە، بەڵام ئێستا لەچەند سێکتەرێکی جیاجیادا چەندین پرۆژە کەوتۆتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە، لەلایەکی ترەوە لەساڵی ٢٠١١ ەوە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بودجەیەکی باش تەرخانکرا ئەوەبوو لەساڵی ٢٠١١ حکومەتی هەرێم بڕی ٧٠ ملیار دیناری بۆ ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم تەرخانکردوو لەم بڕە پارەیەش زیاتر لە ١٣ ملیار دینار بەر سنووری مەخموور کەوت، بەڵام لەساڵی ٢٠١٢ بڕی ٤٢ ملیار دینار تەرخانکراو بەشە بودجەی مەخمووریش کەم بووە، بۆ ئەمساڵیش کە بڕی ٥٠ ملیار دینار بۆ ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم تەرخانکراوە نزیکەی ١١ ملیار دینار بەر مەخموور دەکەوێت، ئێمەش بەپێی ریزبەندی و پێداویستی خەڵکی کۆمەڵێك پرۆژەمان داوا کردووە کە ئێستا زۆربەیان لەقۆناغی جێبەجێکردندایە هەندێکیشیان لەتەندەرو بەرنامەی ئەمساڵدایە تاوەکو ئەنجام بدرێت. لەدوای دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ و بەدەستهێنانی دەنگێکی زۆر لەلایەن لیستی برایەتی و پێکەوەژیان و ئەگەری دروستبوونی رێکەوتن لەگەڵ لیستی موتەحیدە کە پێشبینی هەیە پێگەوە ئیدارەی موسڵ بەڕێوەبەرن و پێگەی کورد لە موسڵ بەهێزتر دەبێت و گرنگی زیاتر بەمەخموور دەدرێت. ئێستا وێستگەیەکی کارەبا و پرۆژەی ئاوی مەخموور لەجێبەجێکردندایە، بەڵام بەهۆی کەمتەرخەمی بەڵێندەرەکە پرۆژەکەمان راگرتووە. ئەم پرۆژەیەش بەرفراوانکردنی پرۆژەی ئاوی سوڵتان عەبدوڵایە. هەروەها وەزارەتی شارەوانی لێکۆڵینەوەی پرۆژەیەکی ئاوی ستراتیژی بۆ سنوورەکە هەیە کە تێچووەکەی ٩٠٠ ملیۆن دۆلار کە ئەم پرۆژەیە ئاوی









**لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان جووت سایدی مەخموور هەولێر جێبەجێ کراو، بەسەرکەوتووانەش توانرا کارەبا لەهەرێمەوە بگەیەنرێتە هاووڵاتیانی مەخموور، ئەمە جگە لەوەی بنکەی تەندروستیەکانی سەنتەری قەزاو ناحیەکانی ئێشگکری ٢٤ کاتژمێری لێکراوەتەوە، لەسەر بودجەی هەرێمی کوردستانیش بنکەیەکی تەندروستی تایب A بۆ دروستکراوە .**

**لەسەر بڕیاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەناوچەی مەخموور پرۆژەیەکی ئاودێری جێبەجێ دەکرێت کە ٢٥٠ هەزار دۆنم زەوی بەراو دەکات . بۆ پرۆژەکانی دابینکردنی ئاوی خواردنەوەی وەزارەتی شارەوانی هەرێم ٩٠٠ ملیۆن دیناری بۆ تەرخان کردووەو پرۆژەی گۆڕینی تۆڕی ئاوی خواردنەوەی ناوخۆی مەخمووریش جێبەجێ دەکرێت، بۆ ئەمساڵیش لە بودجەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم ١١ ملیار دینار بۆ مەخموور تەرخانکرا، ساڵانەش لەسەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگای هەولێر چەندین پرۆژەی خزمەتگوزاریی جۆراو جۆر جێبەجێ کراوە.**



خواردنەوە بۆ سنووری ناحیەی گوێڕو ژمارەیەك گوندی سنوورەكە و ٢٦گوندی سنووری ناحیەی كەندیناوەو چەند شوێنی تر لە سنوورەكەدا دابین دەكات.

لەرووی خراپی بینایەو نەبوونی قوتابخانەكان و كێشەی كەرتی تەندروستی قایمقامی مەخموور وتی: بینایەی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەو چالاكی قوتابخانەكان و كۆگا و باخچەی ساوایانمان نییە، تەنانەت بۆ ئەوەی سیستەمی نوێی خوێندن جێبەجێ بكەین پێویستمان بە بینایەی قوتابخانەی هاوچەرخ هەیە. لەرووی تەندروستیشەوە توانیومانە بنكەی ئێشكگری ٢٤ كاتژمێری لەسەنتەری قەزاو ناحیەكان دابنێین، بەڵام ئێمە پێویستیمان بەنەخۆشخانە هەیە گەرچی ئێستا بنكەیەكی تەندروستی تایب A لەژێر جێبەجێكردنە، هاوكات ڕەزامەندی وەرگیراوە تاوەكو كەرتی تەندروستی بكرێتە بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی، لەسەر بودجەی حكومەتی ناوەندیش بەبڕی ٣٠ ملیار دینار پرۆژەیەكی دروستكردنی نەخۆشخانەیەكی ١٠٠ قەرەوێڵەیی لەبەرنامەدایەو زەوی بۆ تەرخانكراوە.

پرۆژەی ئاودێری بەیەكێك لەخەمەكانی هاووڵاتیان و پێداویستییە سەرەكیەكانی ناوچەكە دانراوە لەمبارەیەوە قایمقامی مەخموور وتی: سەرەڕای ئەو پرۆژە خزمەتگوزارییانەی بۆ سنوورەكە دەكرێت بەجێبەجێكردنی پرۆژەی ئاودێری كاریگەری گەورەی لەسەرئاوەدانكردنەوەی ناوچەكە دەبێت، بڕیارە پرۆژەیەكی گەورەی ئاودێری جێبەجێ بكرێت كە ئێستا لەقۆناغی رووپێوكردندایەوە یەك ملیار دیناری بۆ تەرخانكراوە، بەتەواوبوونی پرۆژەكە ٢٥٠ هەزار دۆنم زەوی كشتوكاڵی سوودی لێوەردەگرێت، هەربۆیە داواكارم بۆ قۆناغی جێبەجێكردن پارەی ئەو پرۆژەیە دابین بكرێت چ لەلایەن حكومەتی عێراقەوە بێت یا حكومەتی هەرێمی كوردستان. هەروەها بەهۆی تەواوبوونی جووت سایدی هەولێر- مەخموورو گەیاندنی كارەباو چەند كارو پرۆژەیەكی تر سنووری قەزای مەخموور بەرەو ئاوەدانكردنەوە رۆشتووەو تەنانەت لەئاكامی سوود وەرگرتنی هاووڵاتیان لە پێشینەی خانووبەرە لەحكومەتی هەرێم وایكرد گوندەكانمان زیاتر ئاوەدان بێتەوە، هەر ئەمەشە وایكردووە كە ژمارەیەك وەبەرهێنەر پرۆژەو كاری جۆراو جۆر لەسنوورەكە ئەنجام بدەن. لەلایەكی دیكەوە هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەكانی لیژنەی كاروباری باكوور كە لەكاتی رژێمی بەعس بۆ ناوچەكە دەرچوو سوودی یەكجار زۆری بۆ جوتیارەكان هەبوو، چونكە لە٩٠٪ی زەوی كشتوكاڵی سنوورەكە كوژابوونەوەو خرابوونە سەر وەزارەتی دارایی و بەرگری حكومەتی ناوەندی و لە جوتیارەكان زەوتكرابوو، بەڵام ئێستا دووبارە زەوییەكان گەڕێنرایەوە بۆ خاوەنە رەسەنەكانیان. دروستكردنی پرۆژەی ماستەرپلانیش كە لەپارێزگای موسڵ بودجەی بۆ دیاریكراوە سەرەتایەك دەبێت بۆ كوژانەوەی زەوی كشتوكاڵی و بەرفراوانبوونی شارەوانی و جێبەجێكردنی چەندین پرۆژەی نیشتەجێبوون و خزمەتگوزاریی.

سەبارەت بە پارك و باخچەو دارستان و پرۆژەكانی جوانكاری قایمقامی مەخموور وتی: لەبەرنامەدایە پاركێكی بەرفراوان و گەورە دروست بكەین، هەروەها بۆ پیشەسازیكاران و فیتەرەكانی ناو سەنتەری قەزاكەش لەدوای مانگی رەمەزانی پیرۆز دەست دەكەین بەگواستنەوەیان بۆ ناوچەی تازەی پیشەسازیی، هەروەها پرۆژەیەكی ترمان بۆ رووناككردنەوەی سەنتەری قەزای مەخموور لەبەردەستدایەو لەبودجەی حكومەتی ناوەند پارەی بۆ تەرخانكراوە. هەروەها داوا دەكەم وەزارەتەكانی حكومەتی هەرێم پرۆژە بۆ دروستكردنی بینایەی فەرمانگەكانیان ئەنجام بدەن كە ئێستا لە بینایەی كۆن و خراپدان بەرادەیەك بینا هەیە لەساڵی ١٩٦٠ یا ١٩٧٠ دروستكراوەو بەكەڵكی بەكارهێنانی نەماوە.

**- لەساڵی ٢٠١١ بڕی ٦٧ ملیار دینار.**
**- لەساڵی ٢٠١٢ نزیكەی ٥٠ ملیار دینار.**
**- لەساڵی ٢٠١٣ : بودجەی ناوچە كوردستانیەكانی دەرەوەی هەرێم ١١ ملیار دینار؛ لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگای موسڵ ٢٨ ملیار دینار؛ لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگای هەولێر ٧ ملیار دینار.**
**- بودجەی وەزارەتە پێوەندارەكانی حكومەتی هەرێم و پرۆژە بەردەوامەكانیش هەیە.**